Research Center

# عێراق یان ئێران، کێ لە داهاتووی نەوت و "گازی" هەرێمی کوردستان دەترسێت؟

04-04-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** رۆژی پێنجشەممە، 24ی ئادار 2022 وەزارەتی نەوتی عێراق نوسراوێکی چوارخاڵی بەناونیشانی "جێبەجێکردنی بڕیار" ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کردووە، کە داواکاریی دووبارە، مەترسیدار و دەرفەتداری لەسەر پیشەسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان تێدایە، بۆ نموونە داوا دووبارەکان بریتین لە رادەستکردنی کۆپییەکی گرێبەست و رێککەوتنە واژووکراوەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە 2004وە، هەروەها ناردنی کۆپییەکی بەڵگەنامەکان و تۆمارەکانی داهاتی هەناردەکردنی نەوتی خاو و گاز لە ماوەی 15 رۆژدا. بەڵام داوا مەترسیدارەکان ئەمانەن: دروستکردنی کۆمپانیایەکی گشتی نەوت، کە سەرپشک بێت لە بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری نەوت و گازی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی کۆمپانیای (KROC) لە هەولێر کە عێراق خاوەنی کۆمپانیاکە بێت و لەژێر چاودێری دارایی عێراقدا بێت! هەروەها دەرفەتی کردنەوەی هەژمارێکی بانکی لە بانکە جیهانییە باوەڕپێکراوەکان بۆ دانانی هەموو داهاتی فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەو هەژمارە و دواتر لەبەر رۆشنایی دانەوەی تێچووەکان، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نێو ئەو هەژمارە بدرێت، کە ئەمەش لەڕووی مادییەوە لە قازانجی هەرێمی کوردستانە!

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |

**بەرایی**

رۆژی پێنجشەممە، 24ی ئادار 2022 وەزارەتی نەوتی عێراق نوسراوێکی چوارخاڵی بەناونیشانی "جێبەجێکردنی بڕیار" ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کردووە، کە داواکاریی دووبارە، مەترسیدار و دەرفەتداری لەسەر پیشەسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان تێدایە، بۆ نموونە داوا دووبارەکان بریتین لە رادەستکردنی کۆپییەکی گرێبەست و رێککەوتنە واژووکراوەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە 2004وە، هەروەها ناردنی کۆپییەکی بەڵگەنامەکان و تۆمارەکانی داهاتی هەناردەکردنی نەوتی خاو و گاز لە ماوەی 15 رۆژدا. بەڵام داوا مەترسیدارەکان ئەمانەن: دروستکردنی کۆمپانیایەکی گشتی نەوت، کە سەرپشک بێت لە بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری نەوت و گازی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی کۆمپانیای (KROC) لە هەولێر کە عێراق خاوەنی کۆمپانیاکە بێت و لەژێر چاودێری دارایی عێراقدا بێت! هەروەها دەرفەتی کردنەوەی هەژمارێکی بانکی لە بانکە جیهانییە باوەڕپێکراوەکان بۆ دانانی هەموو داهاتی فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەو هەژمارە و دواتر لەبەر رۆشنایی دانەوەی تێچووەکان، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نێو ئەو هەژمارە بدرێت، کە ئەمەش لەڕووی ماددییەوە لە قازانجی هەرێمی کوردستانە!

لێرەدا و بەبێ تەواوبوونی ئەو وادە پانزە رۆژییەی کە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان داناوە، سەرجەم گرێبەستەکان (نەوت و گاز) نەک لە 2004وە، بگرە لە 2002وە بە کۆپییە هەموارکراوەکانیشیان، هەروەها بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی گازی سرووشتی لەگەڵ سەرجەم داهات وخەرجی کۆمپانیاکان لە 2003وە بۆ 2022 لەم راپۆرتە و لینکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو [ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو](#) دەخەینە بەردەست[1]. بەشێوەی گشتی دەتوانین بێژین لەوانەیە داوای کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەراگرتنی نەوت و بەتایبەتیش گازی هەرێمی کوردستان لەسەر خواستی عێراق خۆی نەبێت و بگرە لە قازانجی داهاتی ئاسایشی وزە (گازی سرووشتی) ئێران بێت.

**گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان**

بەپێی گرێبەستە نەوتییەکان لەنێوان وڵاتان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکاندا، لە کۆنەوە سێ جۆری سەرەکی گرێبەستی نەوتی دەبینرێت[2]، وەکو جۆرەکانی:

گرێبەستی ئیمتیاز Concession Contract

گرێبەستی خزمەتگوزاری Service Contract

گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەمهێنان Production Sharing Contracts

بەڵام لەم دواییەدا جۆرێکی نوێ و چەند شێوازێکی نوێی گرێبەستی نەوتی لەسەر جۆری گرێبەستە کۆنەکان هاتووەتە ئاراوە، وەکو شێوازی دیکەی گرێبەستی هاوبەشیکردن Joint Venture، کە لەنێوان دوو کۆمپانیا و زیاتر لەگەڵ حکومەت و دەوڵەتان دەکرێت[3]. لەلایەکی دیکەوە وڵاتانی جیهان بەتایبەتیش ئیسرائیل و بەڕازیل جۆرێکی نوێی گرێبەستی ئیمتیاز پەیڕەودەکەن کە بە گرێبەستی مۆدێرن ئیمتیاز Modern new concession contract ناسراوە و لەسەر بنەمای باج، بەڵام ئەوەی هەرێمی کوردستان لە جۆری (گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەمهێنانە) و لە یەکەم گرێبەستی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە کە لە 17ی تەممووزی 2002 واژووکراوە، تاوەکو ئێستا واژووکردنی گرێبەستی نوێ و هەموارکردنەوەی گرێبەستەکانیش هەروا بەردەوام بووە!

لەڕاستیدا، جۆری گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو مێژووە 100 ساڵییەی عێراقەوە بووە، لەکاتێکدا یەکەمجار گەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە خاکی باشووری کوردستان لە چیای سورخ (1901)بووە، بەڵام دوای 100 ساڵ ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو دووبارە لە 2004وە دەستیکردەوە بە گەڕان و دۆزینەوە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت. هەروەها، جۆری گرێبەستی نەوتی هەرێمی کوردستان کە لە جۆری هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان PSC و بەهۆی نەبوونی داتا و زانیاری تەواو لەبارەی کێڵگەکانەوە بووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەماوەی ئەو سەدەیەدا دەوڵەتی عێراق هیچ وەبەرهێنانێکی تێدا نەکرد بوو.

**بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان لەساڵی 2006 لە کێڵگەی نەوتی تاوکێ کە لەلایەن کۆمپانیای دی ئین ئۆی نەرویژییەوە بەڕێوەدەبرا دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی نەوت و تاوەکو ئێستا لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بەردەوامە کە بە بەپێی دواین گوتەی سەرۆکوەزیران لە کۆڕبەندی جیهانی وزە لە دوبەی، بەرهەمهێنانی نەوت گەیشتووەتە نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل و بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی نزیکەی 500 ملیۆن پێ سێجایە لەرۆژێکدا! کە ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزی لەم دۆخەی ئێستادا دەستەبەرکردووە کە بە گەڕانەوەی سەردەمی پیترۆپۆڵتیک Petro-Politics دادەنرێت و چاوەڕواندەکرێت وزە رۆڵێکی گەورەی لە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکان و ناوچەییەکاندا هەبێت. کۆی راپۆرتەکان هەندێک ساڵ بەپێی رۆژ، هەندێکیشی بەپێی مانگ و ساڵ لە لینکی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو و لێرەشدا بە کورتی بەرهەمهێنان بەپێی کێڵگەکان لە 2016 و هەناردەکردن نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتان بەپێی مانگ لە 2018 تاوەکو 2022 دەخەینەڕوو. هەروەها، بەرهەمهێنانی نەوت و داهاتەکەی لە بڵاوکراوەی وەرزانە و ساڵانەی کۆمپانیا نەوتییەکان و تەنانەت ئەو وڵاتانەشی نەوتی هەرێمی کوردستانیان بۆ هەناردەکراوە، زۆر روونە. وەکو لە خشتە و گرافیکی یەکەمدا لە خوارەوە هاتووە.


خشتەی یەکەم: بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان لە 2016 بۆ کانوونی دووەمی 2022

| ساڵ | کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان (هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا ) | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خورمەڵە | تاوکێ | [illegible] | شێخان | گەرمیان | سەرسنگ | خورمور | [illegible] | تەقتەق | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| 2016 | 105 | 107 | 0 | 35 | 4 | 5 | 13 | 3 | 60 | 0 | 6 | 214 |
| 2017 | 110 | 109 | 9 | 35 | 5 | 10 | 13 | 3 | 18 | 0 | 9 | 230 |
| 2018 | 130 | 113 | 22 | 32 | 5 | 17 | 15 | 3 | 12 | 0 | 13 | 0 |
| 2019 | 160 | 124 | 32 | 33 | 29 | 23 | 15 | 13 | 12 | 0 | 13 | 0 |
| 2020 | 160 | 110 | 46 | 37 | 30 | 24 | 15 | 11 | 10 | 0 | 11 | 0 |
| 2021 | 160 | 108.7 | **41.2 | 43 | 33 | 26 | *16 | 13* | 8 | 6.4 | *10 | 0 |

سەرچاوە: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، بڵاوکراوەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت، راپۆرتەکانی دیلۆیت، کپلەر، میس.

**لەسەر بنەمای نێوەی یەکەمی 2021 دانراوە بۆ هەموو ساڵی 2021

**داتای تاوەکو چارەکی سێیەمی 2021[4]




گرافیک 1: هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتان لە کانوونی دووەمی 2018 بۆ کانوونی دووەمی 2022 (هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا)

سەرچاوە: میس، کپلەر

**بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان**

مانگی نیسان 2007 کۆمپانیای دانەگاز و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی پەرەپێدانی گازی چەمچەماڵیان واژووکرد و رۆژی 21ی تشرینی دووەمی 2007 دانەگاز ئۆفیسی لە هەولێری پایتەخت کردەوە[5]. هەروەها رۆژی 4ی تشرینی یەکەمی 2008 کە دەستی بە بەرهەمهێنانی گاز و پرۆسەی هەناردەکردن و بنیاتنانی بۆری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان کرد و رۆژی 12ی کانوونی دووەمی 2022 رایگەیاند کە ئاستی بەرهەمهێنانی گەیشتووەتە 452 ملیۆن پێ سێجا لەرۆژێکدا و کارکردنی لەسەر فراوانکردنی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ 700 ملیۆن پێ سێجا بەردەوامە. کە ئەمەش بەواتای توانای هەناردەکردنی نزیکەی رۆژانەی 300 ملیۆن پێ سێجا گاز

دێت بۆ دەرەوە، کە دەتوانرێت لە کۆتایی ئەمساڵەوە یاخود سەرەتای ساڵی داهاتوو هەناردەی بازاڕەکانی عێراق یاخود تورکیا و بازاڕەکانی ئەورووپا بکرێت. کرۆکی پرسی ورژاندنی ئەمجارەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ئەم زیادبوونەی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستانە لەپاڵ ئەو چەقبەستووییەی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت تێیکەوتووە!

لە 2007وە تاوەکو ئێستا کەرتی گازی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی نەوت فراوان نەبووە و بۆ سەر چەندین کۆمپانیا و کێڵگەی جیاواز دابەش نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەبووە کێڵگەی چەمچەماڵ و کۆرمۆر بووە کە دانەگاز و کریست پێترۆلیوم بەیەکەوە وەبەرهێنانیان تێدا کردووە و بەڕێوەی دەبەن. لەم دواییەشدا و لە سەرەتای چارەکی سێیەمی 2021وە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمپانیا نەوتییەکانی ئاگادارکردەوە کە چیدی گازی بەرهەمهێنراو لەگەڵ نەوت نەسووتێندرێت، بەڵکو بەرهەمبهێندرێت[6]، کە هەندێک لە کۆمپانیاکان ئێستا بۆ پێداویستییەکانی خۆیان یاخود بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی کێڵگەی نەوتی بەکاریدەهێنن. تەنیا کۆمپانیای گازپرۆم نەبێت کە نزیکەی 40 ملیۆن پێ سێجا بۆ بەرهەمهێنانی 165 مێگاوات کارەبا لە گەرمیان بەرهەمدەهێنیت. ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وایکردووە لە زۆربەی کێڵگە نەوتییەکاندا گاز بەفیڕۆ نەڕوات بەڵکو بەرهەمبهێنرێت، لەکاتێکدا بەپێی داتاکانی ئاژانسی جیهانی وزە، عێراق بە تەنیا لە 2018دا 16.8 ملیار مەتر سێجا گازی سووتاندووە و بەفیڕۆی داوە، دەتوانرێت بگوترێت عێراق رۆژانە بەشی دابینکردنی کارەبای سێ ملیۆن ماڵ گازی سرووشتی لە کێڵگە نەوتییەکانی دەسووتێت و بەفیڕۆی دەدات و دەبێتەهۆی بڵاوکردنەوەی ژەهر.[7]

لێرەشدا لە 2007وە بۆ 2022 کۆی بەرهەمهێنان و خەرجییەکان و چۆنیەتی دابینکردنی گاز بۆ ویستگەکانی کارەبا لە بڵاوکراوە فەرمییەکانی داناگازەوە بەردەستکراوە[8]. هەروەها لە سەرەتای 2018وە پێرڵ پێترۆلیوم گرێبەستێکی 10ساڵەی فرۆشتنی گازی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژووکرد بۆ دابینکردن و فرۆشتنی بڕی زیادەی گازە لە پرۆژەی دیبۆتلینتێکینگ. لەساڵی 2019دا پێرڵ پێترۆلێۆم دووەمین گرێبەستی فرۆشتنی گاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژووکرد، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەکات بە کڕینی 250 ملیۆن پێ سێجا گاز لەڕۆژێکدا بۆ ماوەی 20 ساڵ و، ئەوەش لە فراوانکردنی کێڵگەی کۆرمۆر دێت[9]، کە ئەمەش کارتی بەهێزی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە پرسی گازی سرووشتیدا، چونکە بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە کەشوهەوای جیهان، گواستنەوە بۆ بەکارهێنانی وزەیەکی پاکتر لە نەوت، لەهەمووشیان گرنگتر لەدوای هێرشی رووسیا بۆ سەر ئۆکراینا، نەوت و بەتایبەتیش گازی سرووشتی بایەخێکی زیاتری لەجارانیان هەیە و ئەوەش وایکردووە کە تۆزێک لە ئامانجەکانی نیت زیرۆ و پشتگوێخستنی نەوت دووربکەوینەوە. چونکە نرخی نەوت لەئەمساڵدا بە بەراورد بە پێش کۆرۆنا ئاستێکی نموونەیی تۆمارکردووە و تاوەکو ئێستا لەسەرووی 100 دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت. رۆژ بە رۆژیش نرخی گازی سرووشتی رووی لە بەرزبوونەوەیە و خەریکە دەنگی ناڕەزایی لەنیو وڵاتانی بەکارهێنەر بەرزدەبێتەوە. ئەویش لەکاتێکدایە مامەڵکردن بە وزەوە لەلایەن رووسیا و وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا خەریکە پێدەنێنە قۆناخێکی نوێ.

**مەترسی و دەرفەتەکانی "بڕیاری جێبەجێکردن" وەزارەتی نەوتی عێراق**


بڕیارە چوار خاڵییەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ کردنەوەی دەرگای دانوستاندن یاخود پێداچوونەوە و ڕێککەوتن نییە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەناونیشانی "بڕیاری جێبەجێکردن"، واتە بۆ کار لەسەر کردنی بڕیارەکەیە. هەربۆیەش بڕیارەکان لەدوای گوتەکانی سەرۆکوەزیران لە کۆڕبەندی جیهانی وزە لە دوبەی ناوەڕۆکەکەی بۆ ڕای گشتی بڵاوکرایەوە، لەکاتێکدا بەپێنج رۆژ پێشتر نوسراوەکە ئاراستەکرابوو! سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندەکەی دوبەی بە ئاشکرا گوتی "بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سیاسییە و ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراق پارێزگاری لەمافە دەستوورییەکانمان دەکەین" هەروەها دڵنیایی بە کۆمپانیاکان دا و ئاماژەیکرد کە پابەند دەبن بە گرێبەستەکان و، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە هەناردەکاری گاز بۆ عێراق و وڵاتانی دیکەی وەک تورکیا و ئەورووپا و هاوکار دەبن لە دابینکردنی خواستەکانی ئاسایشی وزە دا[10].

مەترسی سەرەکیی، دەرکردنی بڕیارەکە یاخود تەنانەت جێبەجێکردنەکەیشی نییە، بەڵکو خواست و نیەتی بەغدایە بۆ دەستبەسەراگرتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش تاوەکو ئێستا بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکەنەوە و بەهەموو شێوەیەکیش دانوستاندنی لەسەر ناکەن، چونکە ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی تەواو (دامەزراوەیی) بێت و هەرێمی کوردستانیش بەشێک بێت لەو دەوڵەتە فیدراڵییە دامەزراوەییە، ئەوا ئەم هەرێمە هێشتاش تایبەتمەندی خۆی هەیە بەهۆی ئەو کارەساتانەی لەماوەی 100 ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ئەم دەوڵەتەوە بەسەریدا هاتووە. هەربۆیەش پرسی دامەزراندنی کۆمپانیایەک، کە باڵەخانەکەی لە هەولێر بێت بەڵام کۆنترۆڵەکەی لە بەغدا بێت مەترسییە!

لەڕاستیشدا تاکە دەرفەتی گەورەی بەردەم ئەم بڕیارەی "جێبەجێکردن" خاڵی سێیەمی بڕیارەکەیە کە دەتوانرێت دانوستاندنی لەسەربکرێت و ئەنجامێکی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەبێت، پرسی کردنەوەی هەژمارێکی بانکی بۆ داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، تاوەکو شەفافیەت بۆ نێوخۆی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە و بەغدا تەواوی بەرپرسیاری کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن وتەواوی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان نەوەکو بودجەی تەواوکاری ڕەوانە بکات. وەکو لە گرافیکی دووەمدا کۆی

داهاتی نەوتی هەناردەکراو و داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردەکردنی نەوت لە 2018وە بۆ 2021 بەپێی چارەکەکانی ساڵ خراوەتەڕوو. هەرچەندە جیاوازی داهاتی نەوت لە هەمبەر خەرجییەکانی گەلێکە و دەبێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

هەروەها، لەوانەیە هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێککەوتنی هاوبەش لەسەر پرسی وزە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتە فیدراڵییەدا، بەڵام بەدەرکردنی بڕیار یان وەڵامدانەوە و بەیاننامە یەکتر نا، بەڵکو بە دەرکردنی یاسای نوێی نەوت و گازی عێراق، کە ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەم قۆناخە ئەستەم بێت. بۆیە دەبوو وەزارەتی نەوتی عێراق پێش دەرکردنی بڕیارەکەی 24ی ئادار 2022 پێداچوونەوەیەکی بۆ ئەم داتایانە بکردایە وەک داهاتی نەوتی هەناردەکراو، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قەرزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و دانەوەی قەرزەکان لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی بە ئاراستەی گفتوگۆ بڕوات نەوەکو دوورکەوتنەوە و داخستنی دەرگاکانی گفتوگۆ.




گرافیک 2: کۆی داهاتی نەوتی هەناردەکراو و داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەوت

سەرچاوە: دیلۆیت، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان

| ساڵ | چارەکی ساڵ | قەرزی کۆمپانیاکان ( ملیار دۆلار) | دانەوەی قەرز بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان ( ملیار دۆلار) |
|---|---|---|---|
| 2018 | چارەکی یەکەم | - | 0.459 |
| 2018 | چارەکی دووەم | - | 0.55 |
| 2018 | چارەکی سێیەم | - | 0.62 |
| 2018 | چارەکی چوارەم | - | 0.78 |
| 2019 | چارەکی یەکەم | 3.73 | 0.76 |
| 2019 | چارەکی دووەم | 3.62 | 0.65 |
| 2019 | چارەکی سێیەم | 4.13 | 0.89 |
| 2019 | چارەکی چوارەم | 3.44 | 0.24 |
| 2020 | چارەکی یەکەم | 3.94 | 0.43 |
| 2020 | چارەکی دووەم | 4.33 | 0.5 |
| 2020 | چارەکی سێیەم | 4.31 | 0.42 |
| 2020 | چارەکی چوارەم | 4.21 | 0.41 |
| 2021 | چارەکی یەکەم | - | 0.46 |
| 2021 | چارەکی دووەم | - | 0.94 |
| 2021 | چارەکی سێیەم | - | 0.72 |
| 2021 | چارەکی چوارەم | - | 1.02 |

خشتەی 2: قەرزی کۆمپانیاکان و دانەوەی قەرزەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیا نەوتییەکانسەرچاوە: ڕاپۆرتی دیلۆیت، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان

-نەتوانراوە داتای درووست لەبارەی قەرزەکانەوە بەردەست بخرێت

**مەترسی ئێران لە پەرەپێدانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان**

لەڕاستیدا خستنەڕووی داتاکان و کورتە مێژووی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بەرچاوو ڕوونی زیاتر بوو، ئەگینا بڕیارەکەی 15ی شوباتی دادگای فیدراڵی، هێرشە موشەکیەکەی ئێران لە 13ی ئادار و بڕیارەکەی 24ی ئاداری وەزارەتی نەوتی عێراق لە ئەمساڵدا، هەوڵێکی جیددیە بۆ دواخستنی پەرەپێدانی نەوت و بەتایبەتیش گازی هەرێمی کوردستان! چونکە لە کۆتاییەکانی 2013وە هەرێمی کوردستان نەوت هەناردە دەکات و بەغدا لە شوباتی 2014وە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕیوە! هەردوولاش بەردەوام گفتوگۆ دەکەن و دەگەنە ڕێککەوتن و جێبەجێناکرێت، بەڵام ئەمجارە مەترسییەکە لە خودی نیوخۆی عێراقەوە نییە لەسەر بەرەوپێشچوونی گازی

هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەڕاستیدا لەوانەیە لە دەرەوە بێت. هەربۆیەش بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی بە سیاسی دادەنرێت.

هەروەها بۆچی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران مەترسییە؟ چونکە دوو ڕەهەندی ستراتیژی هەیە. یەکەمیان کەمکردنەوەی پەیوەستبوونی عێراق بە ئێران لەرووی گازی سرووشتی بۆ دابینکردنی کارەبا و دوورخستنەوەی تورکیا لە ئێران، هەرچەندە دەبێت ئەو راستیەش بزانین کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی ئێران بەهۆی یەدەگی گاز و ژێرخانی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتییەوە، بەڵام دەتوانی جێپەنجەی ئێران لە پەیوەستبوونی عێراق و تورکیا بە گازی سرووشتی ئێران کەمبکاتەوە! لەوانەشە ئەمەبێت کە هەر 9 مووشەکییەکەی مانگی رابردوو بۆ سەر ماڵی شێخ باز خاوەنی کۆمپانیای کار گرووپ بوو نەک شوینێکی دیکە! هەربۆیەش روونتر مەترسییەکانی ئێران بریتییە:

**یەکەمیان**: لە 10ی کانوونی دووەمی 2022دا ئیران بۆ ماوەی 10 رۆژ لەکاتی سەرما سەختەکەدا، بەبیانوی کێشەی تەکنیکی گازی سرووشتی لە تورکیا گرتەوە، کە ئەمەش دیداری نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆککوماری تورکیای بەدوادا هات. ئەو بڕەی هەرێمی کوردستان کە لەپێداویستی ناوخۆ زیاترە دەتوانێت جێگەی ئەو بڕە بگرێتەوە کە ئێران رۆژانە هەناردەی تورکیای دەکات. لەکاتێکدا ئێستا ئێران چاوی لە نوێکردنەوەی گرێبەستی هەناردەکردنی گازی سرووشتییە بۆ تورکیا کە لەساڵی 1996دا واژووکراوە و دەبێ تاوەکو 2026 ساڵانە 9.6 ملیۆن مەتر سێجای بۆ هەناردەبکات. کە دەتوانێت لەرێگەی تورکیاوە بڕی زیاتر بۆ ئەورووپا هەناردەبکات ئەگەر رێککەوتنی پێنج کۆ یەک بکرێت!

**دووەمیان**: عێراق بەهۆی دابینکردنی سەرچاوەی وزەی کارەباکەی کە گازی سرووشتی ئێرانە، ناچار بە دوو هێندە و بگرە زیاتریش لەبازاڕی جیهانی گاز لە ئێران بکڕێتەوە، کە ئەمەش لەم دۆخەی پێش رێککەوتنی پێنج کۆ یەکەدا (دانوستاندنی ڤییەننا) هەناسەی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و بەردەوامیش وەک کارتی گوشار بەکاریهێناوە، وەک هاوینی رابردوو!

**سێیەمیان**: ئێران وەبەرهێنانێکی 80 ملیار دۆلاری گەورەی لە گازی سرووشتیدا کردووە[11]، کە چاوەڕواندەکرێت لە 2022دا رۆژانە 130 ملیۆن مەتر سێجای دیکە بۆ ئاستی بەرهەمهێنانەکە زیاد بکات[12]، ئێستاش توانای بەرهەمهێنانی گەیشتووەتە 850 ملیۆن مەتر سێجا لەرۆژێکدا، واتە لەوانەیە بە 30 ملیار پێ سێجا لەرۆژێکدا بگات.

**چوارەمیان**: ژێرخانێکی بەرهەمهێنانی 700 ملیۆن پێ سێجای گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان خەریکە ئامادە دەبێت و کلیلی یاریکردن بە نزیکەی 300 ملیۆن پێ سێجا لەم دۆخەی ئێستای جیهان لە لای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە کۆمپانیای کار بۆری هەناردەکردنەکەی بۆ دەرەوە تەواو دەکات.

**کۆتایی**

ئەگەر عێراق خواستی لە کار و بەڕێوەبردنی هاوبەشی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کۆنترۆڵکردنی هەر ناشەفافیەتی دارایی هەبێت، ئەوا پێویستە سەرەتا یاسای نەوت و گاز دەربکرێت.

کۆپی بەڵگەنامەی گرێبەستەکان، قەبارەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، داهات و خەرجی نەوت، لەگەڵ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی گازی سرووشتی لە داتای کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کە هەندێکیان لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان و کێڵگە نەوتییەکانی عێراقیش کار دەکەن بەردەستە و لێرەشدا هەموویان خرانەتەڕوو، بەڵام مەترسییەکە روونە لە نیوخۆی عێراق نییە و بگرە لە دەرەوەی عێراقەوەیە، چونکە عێراق دەبێت پاڵپشتی پەرەپێدانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بکات ئەگەر وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا لێیدەڕوانێت، ئەویش هەر هیچ نەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ و سەربەخۆیی بوون لە دابینکردنی وزەی پێویست بۆ رووناککردنەوە و فێنک کردنەوەی ماڵی عێراقییەکان.

هەروەها، خاڵیکی دیکە کە تەنیا چاوخشاندنەوەیەک بە راپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، یۆنامی، بانکی جیهانی و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی، ئەوە دەردەخات کە پێویستە پێداچوونەوە بە گرێبەست و داهات و خەرجی نەوت لە هەولێر بکرێت یان لە بەغدا؟ چونکە تەنیا داهاتی نەوتی عێراق لە دوو دەیەدا، یەک لەسەر سیانزەی کۆی ئابووری چین کە 1.4 ملیار مرۆڤ تێیدا دەژی و رۆڵەکەیشی لە جیهان دەبینین. لە هەمانکاتدا ژیانی رۆژانەی دانیشتوانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دیارە کە چۆن گوندەکان چۆڵ دەکەن و، بەدەست نەبوونی ئاو، کارەبا و خزمەتگوزاری سەرەتایی، بێکاری و هەژارییەوە دەناڵێنن. هەروەها، بەپێی راپۆرتێکی نوی کارینگی ئیندۆرمینت[13] لەبارەی رەوشی بەسرەوە کە رۆژانە نزیکەی 2.5 ملیۆن بەرمیل بەرهەمهێنانی نەوتی هەیە بخوێننەوە، ئەوا دەزانین بۆ جڵەوکردنی پیشەسازی و نەوت و گازی هەرێمی کوردستان مەترسیدارە.

گومانی تێدا نییە بڕیارەکانی دادگا و هێرشە موشەکییەکانی ئێران تازە ناتوانێت قۆناخی پەرەپێدانی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان رابگرێت، چونکە قۆناخی گەورەی بڕیوە و ئەمریکاش بە بڕی 250 ملیۆن دۆلار پاڵپشتی دارایی کردووە! بەڵام ئەگەر کێشە نیوخۆییەکان چارەسەر نەکرێت و رووداوە نیوخۆییەکان ئاراستەی دیکە وەربگرن، ئەوا ئەو دەرفەتەی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بدرێت بە بەغدا، دەبێتەهۆی دوورکەوتنەوەی هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا و ئەورووپا.

سەرچاوەکان


[1] http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en/the-ministry/contracts/pscs-signed.html

[2] https://www.irglobal.com/article/petroleum-contract-models-0f76/

[3] http://levin.urban.csuohio.edu/epc/docs/Oil_and_Gas_Contracts.pdf

[4] https://shamaranpetroleum.com/operations/atrush-project/

[5] https://www.danagas.com/media/press-releases/?cat=2007

[6] https://www.mees.com/2022/1/28/oil-gas/krg-anti-flaring-drive-sees-40mn-cfd-sarqala-gas-capture/edeff410-8048-11ec-8920-c7bb38d60503

[7] https://www.iea.org/data-and-statistics/charts/natural-gas-production-and-flaring-in-iraq-2000-2030

[8] https://www.danagas.com/media/press-releases/?cat=2022

[9] https://www.danagas.com/operations/kri/gas-sale-agreements/

[10] https://gov.krd/english/government/the-prime-minister/activities/posts/2022/march/pm-masrour-barzani-speech-atlantic-council-global-energy-forum-dubai/

[11] https://www.mees.com/2022/1/14/oil-gas/iran-details-80bn-gas-development-plan/6b929ee0-7540-11ec-bae6-2ddd001d91c5

[12] https://www.spglobal.com/commodity-insights/en/market-insights/topics/energy-price-crisis

[13] https://carnegie-mec.org/2022/03/29/eden-denied-environmental-decay-illicit-activities-and-instability-in-iraq-s-southern-border-area-pub-86756